جەوادمالکی بە ئەگێندای جەعفەری یەوە یان دەستبەرداربوون لەو ئەزموونە

فەرەیدون حەمەڕەشید_ سویسرا
faraidun _73@hotmail.com

28/04/006

*** لەچوارمانگی ڕابردوو بەژۆروهەوڵەکانی کوردولیستەجیاوازەکانی ناوکایەی سیاسی وڕاسپاردە کردنی ئەمەریکا سەرئەنجام بەتکاونزاکردن و پاڕانەوەی هەموولایەک ئبراهیم جەعفەری قاچی لەکورسیەکەی سەرۆکایەتی وەزیران کرایەوەو جەوادمالکی لەسەرهەمان لیستی ئیئتلاف وهەمان حیزبی جەعفەری هات بۆکورسی سەرۆک وەزیران ئەمە تائێرە ئەوەی گەیاند کەلیستەجیاوازەکانی ناوکایەی سیاسی ئەگەرلەخەمی پاراستنی مافەکانی خەڵک بن و تەنها لەسەربنەمایی نەژادی وئاینی نەڕوانننەبەرژەوەندیەتەسک و ناواقیعیەکان ئەواچەندەش لەبەرامبەر فراکسێۆنێکی وەک هاوپەیمانی شیعەکان یان هەرفرکسێۆنێکی دی کەم سەنگبن وخاوەنی کورسی کەمتری ناوئەنجومەنی نیشتمانی بن بەڵام لەکۆدەنگیەکی هەمەلایەندا دەتوانن کاری باشبکەن وخۆسەپاندن وفیل سواری بەسەرجەماوەردا ڕەتبکەنەوە کە خستنە لاوەی جەعفەری نمونەکەیەتی .**

***نوری مالکی ئەگەرچی کەسێکی ئەکتیڤی ناوحزبی دەعوەیە بەڵام ئێستاڕاسپێردراوی هەمووهێزەسیاسییەکانی عێراقە بۆپۆستی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی چوارساڵە بۆیەئە بێت لەگەڵ ئەرکێکی قورس ڕووبەڕوو بێت دوور لەئایدۆلۆژیای ئاینی وئەگێندای حیزبی؟،پێویستەکاربۆئەوەبکات کەهەمووئەودوو دڵی وگومانانەی لەسەردەستی ئیبراهیم جەعفەری کەلەماوەی ڕابردودا لە بەر خوردی سیاسی ئەودا درووستببوو بەتاڵبکاتەوەو هەمووئەو گریمانەوئەگەرانەی ڕابردوو هەبو و لەسەرکاری سیاسی،جیاوازی نەتەوایەتی،جیاوازی ئاینی ومەزهەب ،کارێک بکات لەسەردەست و کابینەکەی ئەو بەڕووە پۆزەتیڤەکەیدابیشکێنێتەوە؟؛ .**

*** ئێستا لەبەردەم ئەم کابینەیەی جەوادمالکی ڕاسپێردراو پێکیدەهێنێت بۆ چوارساڵ، هەمولایەک لەدەسپێکیدا لە چاوەڕوانی تەبەنی کردنی بڕگەکانی ناوڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیین کەبەڕەزامەندی هەموولایەک هاتوەتە نووسین،بۆخەڵکی کوردستان سەرەتایی هەنگاوەکانی ئەم حوکومەتە زۆر گرنگو هەستیارەچوونکەلەبەردەم ئەزموونی یەکێک لە ئەرکە چارەنووسازەکاندا خۆی دەبینێتەوە ئەویش بڕگەی 140 بۆ ئاسایکردنە وەی دیمۆگرافیا و هەیکەلی ئیداری کەرکوک کەسیمبۆلی کۆتیهێنانەبەستەمی نەتەوایەتی لەعێراقی نوێدا ومەرج وگارانتی پێکەوەژیانی دووروئایندەیە بۆعێراقێک کەهەموو ئێتنیک وئاینێک ئینتیمای هاووڵاتیبوونی خۆی تیابکات .**

***کەواتەپێو یستە جەوادمالکی بۆدڵنیابوونی جەماوەری خەڵکی پێکهاتەهەمەچەشنەکانی کۆمەڵگا، هەرزوودرکی زەمینە سازییەکی خێرا بۆجێبەجێکردنی ما دەوبڕگەکانی دەستوورلەئەرزی وا قیعدا بکات،بۆگەڕانەو ەی مەتمانە بەیەکترو بەرچاووڕو نی خەڵک لەوحکومەتەئیئتلافەی کەبەهەموولایەک بنیاتنراوە و بڕیارە بۆهەموولایەک بێت،چوونکە ئەزموونی دەستخەڕەکردن وکات بەڕێکردن بەمەبەستی تەگەرەخستنەبەردەم مادەوبڕگەکانی دەستوور و شانخاڵیکردنەوەی حوکومەت لەئەرکەهەنوکەیی وپێویستەکان لەماوەی ڕابردوودا لەسەردەستی جەعفەری تاقیکرایەوە کەدەرئەنجامەکەی کۆدەنگیەکی ناوخۆیی ودەرەکی بو و بەپەراوێزخسستنی جەعفەری لەکورسییەنەرموخۆشەکەی دەسەڵات ،چو ونکەئەو ئەزموونە ئەوەی پێگوتین،کەکاتی ئەو ەهاتووە ئەگەرگۆڕانەکان بەرەوکراوەی و دانان بەمافی یەکتردا تەحەمول وقبوڵنەکرێت ئەوا بەژۆردەسەپێنرێت.**